# هەواڵی ناڕەزایەتی یە کرێکاریەکان لە عێراق

## مانگرتنی کرێکارانی پیشەسازی خوری بۆ بەدەستهێنانی داواکاریەکانیان

دوای ئەوەی کرێکارانی پیشەسازیەکانی خوری لەبەغداد چەند جارێك داواکاری و سکاڵاکانی خۆیان بۆ لایەنە پەیوەندی دارەکان بەرزکردەوە و هیچ وەڵامێکیان نەدرایەوە ، سەرەنجام ڕۆژی ٦/ ٣/ ٢٠٠٥ کرێکارانی ئەم کۆمپانیایە یاداشتێکی داواکاریەکانیان ئامادەکرد و لەبەردەم وەزارەتی پیشەسازی دەستیان دایە مانگرتن و هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە ئەگەر وەڵامی داخوازیەکانیان نەدرێتەوە ئەوا مانگرنگرتنەکەیان کراوە و بەردەوام دەبێت. کرێکارە مانگرتووەکان کە ژمارەیان لە ٨٠ کرێکار زیاتر بوو چەند لافیتەیەکیان بەرزکردبووەوە کە داواکاریەکانیانی لەسەر نووسرابوو.

یاداشتەکەیان بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری ئەم چەند خالە تەوەرەی بەستبوو :



1. دیاری کردنی بڕی پارە لە وەزارەتەوە بۆ کۆمپانیاکە، نەسپاردنی بە توانای تایبەتی خۆی.
2. تازەگەری هێڵەکانی بەرهەمهێنان بە پێی گەشەکردنی پیشەسازی جیهانی
3. دابەشکردنی پارچە زەوی بەسەر کرێکاران و کارمەندانی کۆمپانیاکەدا
4. گێڕانەوەی دەرماڵە و ختورە و ..
5. لابردنی کۆنەبەعسی یەکان لە وەزارەت و باقی کارگەکانی تردا.
6. دروستکردنی لیژنەی تایبەت لە کارگەکاندا لە دژی فەسادی ئیداری
7. ناردنی کەوادری هونەری بۆ دەرەوەی وولات و بردنە سەری توانایی و شارەزایی یەکانیان

ئەم داواکاریانە داواکاری هەزاران کرێکاری تری ئەم کۆمپانیایەن لە کارگەکانی الفتح ، السجاد المیکانیکی ، الحریە .

## نارەزایەتی یەكانی كریكارانی قابلۆ لە ناسریە دژی فەسادی ئیداری و كردنی پرۆژەكان بە كەرتی تایبەت

كرێكارانی قابلۆ لە ناسریە هەستان بە دەربرینی چەندین نارزایەتی و كۆبوونەوە لە دژی هەڵس و كەوتی ئیدارە و دژی فەسادی ئیداری. لەكاتێكا كە پروپاگەندەی ئەوەش بلاوبوبووەوە كە شەریكەی قابلۆ دەفرۆشرێت بە كەرتی تایبەت ، ئەمەش بە مانای دەركردن و بێكاركردنی بەشێك لە كرێكارەكانە. ئەمە لە هەنگاوی یەكەمی نارەزایەتی كرێكارانە لە دژی فرۆشتنی پرۆژەكان بە كەرتی تایبەت كە مدیرە گەورەكان و خاوەن نفوزەكان هەوڵ دەدەن بە دروستكردنی تۆرێك لە پەیوەندی لەگەڵ خاوەن سەرمایەكان بۆ شەریك بوونیان بۆ ئەوەی كۆمپانیاكان و كارگەكان بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە لە ژێرناوی بە تایبەت كردن و فرۆشتنی بە خاوەن سەرمایەكان.

## بەردەوام بوونی نارەزایەتی یەكانی كرێكارانی پیشەسازی چەرم لە بەغداد

تا ئێستا نارەزایەتی یەكانی كرێكارانی پیشەسازیە جلدیەكان بەردەوامە بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەكانیان و دژایەتی كردنی فەسادی ئیداری. كۆڕ و كۆبوونەوەكانی كرێكارانی ئەم ناوەندە زنجیرەیەك نارەزایەتی بەردەوامی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراوە كە زیاتر لە ساڵێكە كرێكارانی ئەم ناوەندە پێی هەستاون.

شایانی باسە هەرچەندە كرێكارانی ئەم ناوەندە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژادووە بەڵام ئیدارەی ئەم كۆمپانیایە چەند جارێك هەوڵی داوە بۆ بەرگرتن بەوەی كرێكاران ڕێكخراوەی خۆیان دروست بكەن ،



بەشێك لە نارەزایەتی كرێكارانی جلدیەی بەغداد ، داوای بەشی خۆیان لە دەرماڵەكانیان دەكەن، لەم مانگرتنەدا ١٥٠ كرێكار بەشدار بوون. شایانی باسە كرێكارانی ئەم ناوەندە پێشتر چەند جارێك چەند كۆبوونەوە ی نارەزایەتی یان ئەنجام داوە بۆ داخوازیەكانیان، چەند مانگرتنیان ئەنجام داوە و ژمارەیەك لە داخوازیەكانیان بەدەستهێناوە .

## مانگرتنی كرێكارانی ئوتێل میردیان لە بەغداد

نزیكەی ٢٠٠ كرێكاری ئوتێل میردیان دەستیان دایە مانگرتن، داوای باشكردنی باشكردنی ئاستی گوزەران و بردنەسەری كرێكانیان كرد. كرێكارەكان لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی ئوتێلەكەدا كۆبوونەوە و داوای وەڵامی ئیدارەیان دەكرد. هەروەها **وەفدێكی یەكێتی شوراو نەقابە كرێكاریەكان** كە پێكهاتبوو لە( **فاتح مەكتوف** و **عباس محمد**) لەگەڵ مانگرتووەكاندا ئامادەبوون .

ئامادەكردنی : سامان ئەحمەد

لە بلاوكراوەی المجالس العمالیە ژمارە (٧) وەرگیراوە